# حزب و بڕوانامەی ساختە

د.ڕەئوف عوسمان

دەمێکە لەنێو حزبە کوردیەکاندا دیاردە یەکیی نامۆ و دور لە پرنسیپە زانستی و پیشەیی و شارستانێکان پیادە دەکرێت . کۆمەڵێك خەڵك لە کاتی دابەشکردنی پۆستە حکومییەکان بەسەر حزبەکاندا سیڤی قەبە و گران پردەکەنەوە و چەندەها دۆکیومێنت و بروا نامەی تێدە هاون بە تایبەت شەهادەی دکتورا , گوایە لە دەرەوەی وڵات بەدەستیان هێناوە و خۆیانی پێدەبەنە پێشێ لای حزبەکانیان بۆ پۆستە باڵاکان , ئیتر ئەم حزبانەش بێ بەلاین ؟ نا پرسنەوە ئەم بڕوانامایە چۆن بەدەست هاتوە و تاچەند ڕەنگی داوەتەوە لە ژیان و پیشە و هەڵسوکەوتی ئەم کەسایەتیەدا , دیارە لێرە دا تەکەتول و چەمانەوە و مەحسوبیەت و زمان لە خەڵك دان و ... هتد ڕۆڵی کارا دەبینێت لە کاندید کردنیاندا , ئیتر لێرەوە کارەساتەکە دەست پێدەکات , باشتر وایە لیژنە و بڕیاردەری ئەو کەیسە پرسی ڕاو بەدواداچون بکەن لەم بڕوانامانە , بە تایبەت هی وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات و ڕوسیای سەروبەندی برۆستوریکا , کە لە دەمێکەوە لە ژێر پرسیاری جددی خە مخۆرەکانی زانستدایە . لەسەرو بەندی روخانی ڕژێمی سۆڤـیێتیدا هەژاری و برسێتی و نەداریی بە جۆرێك لە و وڵاتە پەرەی سەند بوو , ئینسان دەفرۆشرا چ جای بڕوانامە , هەر بڕوانامەیەك لە و سەردەمانەدا بە دەست هێنرابێت لە ژێر پرسیاردایە و جێگای متمانە نیە , تەنانەت زۆرێك لە زاناکانی سۆڤـیێت لە تاو هەژاری برسێتی ڕویان لە وڵاتان کردو زانستەکەیان هەرزان فرۆش کرد . ئەوەی جێگای خەم و کارەساتە ئەوانەی دەبێت بەدوادا چون بکەن بۆ بڕوانامەکان , خۆیان هەڵگری بڕوانامەی باڵا نین و نا حاڵین بە کەیسەکە و گرێی خۆبەکەم زانین ( عقدة النقص ) یان هەیە بەرامبەر بڕوانامەی باڵا , واتە ( فاقد الشیئ لا یعطي ) . دەبێت لەم بوارەدا بپرسرێت لە کوێ و کەی بڕوانامەی ئامادەیی و کۆلێژت بەدەست هێناوە و لە کام قوتابخانە و زانکۆ ؟! کوا بڕوانامەی ماستەرەکەت و لە کوێ و لە چ ساڵێکدا وەرت گرتوە ؟! کێ سەرپەرشتیارت بوە ؟ تێزەکەت کامەیە ؟ چونکە زۆرێك لەم بەڕێزانە بازیان داوە بەسەر ماستەردا و یەکسەر لە قۆناغی دکتورادا وەرگیراون !!

دەبێت ئەوەش بزانرێت کە ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان تایبەت مەندێتی بابەتی قۆناغی کۆلێژو دکتۆ را دا ؟ چونکە هەن لە کۆلێژی کشتوکاڵی یان زانستی فیزیا و کیمیا دا دەرچوون , بەڵام دکتوراکە یان باسی سیاسەت و مێژوو و یاسا و کۆمەڵناسی دەکات !!

واتە لەم حاڵەتەدا پرۆفیشناڵی بەدەست نایەت و زانیارێکان پەرت دەبن , کە واتە وەك دەڵێن حوشتر و قاپ قاپ , ئەوە لفکە ئەوە لیرە !! ئەم لادان لە هێڵە لە زانکۆکانی کوردستان و عێراقدا ڕەفزە . خۆ ئەگەر داوا لەم بەڕێزانە بکەیت تێزەکەت وەرگێڕە سەر زمانی کوردی یان عەرەبی بۆ ئەوەی دەرگای توێژینەوە و هەڵسەنگاندن بکرێتەوە لە

بەردەم پسپۆڕەکاندا و متمانە دروست بێت , دیارە ئامادەی ئەم کارە نین و ئەمەت بمرێ ناوی ئەوە مەبە, چونکە خۆیان دەزانن چیان کردوە !! زۆرێك لە خاوەنی ئەم بڕوانامە گوماناوی و ساختانە دوای خەڵەتاندنی حزبەکانیان و وەرگرتنی پۆستی باڵا خشتێکیان نەخستۆتە سەر خشتێك و بونەتە بار بەسەر ئەو فەرمانگەو شوێنەوە کە کاریان تیاکردوە .

هەربۆیە گەرەکە چ حزب چ حکومەت پێداگری لەوەشدا بکەن , کە دەبێت تێزی بڕوانامەی کاندید کراو , بگونجێت لەگەڵ ئەو شوێن و پۆستەی کەبۆی دەست نیشان دەکرێت و کاری بۆ دەکات , چونکە دوریی و نەگونجانی تێزی بڕوانامەکە لەگەڵ ئەو پۆستەی کە بۆی دیاری دەکرێت گەورەترین زیان دەگەیەنێت بەو فەرمانگەیە , خاوەن پۆستیش نەك دەبێتە بارگرانی , بەڵکو دەبێتە گاڵتەجاریش .

ئەم دیاردە نازانستی و ناپیشەییەی کە حزبەکان پەیڕەوی دەکەن هۆیەکی کاریگەرترە بۆ دواخستنی ئاستی فەرمانگە و وەزارەتەکانی کوردستان و نەچونە پێشەوەی تاقیکردنەوەی ئێستامان . ئەگەر حیزبەکان ئەرکی بەدواداچون و لێپرسینەوەیان لەم بڕوانامانە لەبەر هەر هۆیەك ئەنجام نەدابێت , گەرەکە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە و فەرمانگەکانیان زۆر بەوردی و جدیانە بەدواداچون بکەن بۆ بڕوانامەی هەربەڕێزێك کەلەو فەرمانگەیە دەست بەکار دەبێت , بۆ گەڕانەوەی شکۆ بۆ پێوەرە زانستیەکان و بڕوانامە ڕەسەنەکان , نەك هەرئەمە بەتەنیا بەڵکو بۆ ڕێگا بڕینەوە لەهەرکەسێك کە شکۆ و قودسیەتی بڕوانامە لەباربەرێ و بە حسابی خۆی حزبەکەی و حکومەتی هەرێم و خەڵکەکەی بگەوجێنێت .

بۆگەیشتن بە حەقیقەت و متمانە و دڵنیایی ,دەبێت بەر لە نامەی دکتورا ئەم بڕوانامانە هەبن و خوێندکار بەم قۆناغانەدا تێپەڕی بێت .

١-بڕوانامەی شەشی ئامادەیی , هەرچەندە بڕوانامەی ( دار المعلمين ) یەکسانە بەشەشی ئامادەیی
٢-بەکالوریوس
٣-ماجستێر
٤-دکتورا

هەر بڕوانامەیەکی دکتورا بەپێی یاسا و ڕێنمایی عیراقی و کوردستانی بەم پلە بەندیانەدا نەڕوات , واتا بازدانی تێدابێت لە ئامادەییەوە یان بەکالۆریۆسەوە یەکسەر بۆ دکتۆرا , جێگای گومان و ساختەیە و لەدەرەوەی یاسایە , ئەم بەدواداچون و لێپێچینەوەیە جگە لەوەی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و پیشەییە , ڕێگا لەهەموو ئەوانە دەگرێت کە پۆستی شیاو بۆ خاوەن شەهادەی ساختە دابین دەکەن و وەزارەت و فەرمانگەکانی کوردستانی پێ کاول و ڕەنج بەخەسار دەدەن , گەرەکە ئەرکی کابینەی نوێ بەر لەهەرشت بەدواداچون بێت بۆ بڕوانامەی

خاوەن پۆستە نوێکان , چونکە سەرکەوتنی ئەم کابینەیە بەندە بە جیاکردنەوەی بڕوانامەی یاسایی و راست و رەوان لە ساختە و گومانەوە , ئەوەی کە پاڵی پێوەنام بۆ نوسینەوەی ئەم بابەتە سکاڵای کۆمەڵێك خاوەن بڕوانامەی فەرمی باڵای کوردستان و عیراقن کە تا ئێستا جێگای شیاو و دامەزراندنیان دەست نەکەوتوە و لەوەدەچێت هەست بەو زوڵمەبکەن کە بڕوانامەی گوماناوی و ساختەی دەرەوەی وڵات جێگای پێ لێژکردبن و شەهادە ساختەکان چانسی دامەزراندن و بەرەو پێش چونیان لەمان زۆرتر بێت , واتە وەك ادم سمث گەورە ئابوری ناسی ئەمریکا دەڵێت (العملة الردئية تطرد العملة الجيدة) .

لای من شیاوترە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا چاوکراوەتر بێت و بەیەك مەسافە بوەستێت و باڵانس ڕاگرێت بەرامبەر هەردوو گروپەکە , بە مەرجی پابەندبون بە پرنسیپە زانستی و ئەکا دیمێکان و نەبەزاندنی ڕێنماییەکان و پێویستی بابەتی تێزەکە بۆ فەرمانگەکان .